## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (کۆڕەوی گەلێک)

ڕەنگە ئەو ناونیشانەی سەرەوە، نەك لای خۆمان، بەڵکو لەلایەن خەڵکی دیکەوە، مایەی تیادا رامان و حەپەسان بێ، ئەوە راستەو ڕووداوێ بوو لە قەدەری گەلەکەماندا. بەڵێ هێشتا وەکو شیلەی ئەو هەنگوینی سەرفرازی و راپەڕینە لە زارماندا مابوو، کە ئەوانە ڕێگایان بە بەغدا دا پەلاماری کوردستان بداتەوە، ئەو ئێوارەیە، مقۆمقۆ پەیدابوو، لە کۆڵانە بێ چراکانەوە دەنگی «تۆپ تۆپ تەیارە... دەرمان ناکات لەم شارە» تێکەڵی نمەی ڕەشەباران ببوو، دیاربوو بەیانی چەرمەسەرییەکی ئەوتۆ چاوەڕوانمانە کە قوڕاوێکی جەرتاوئاسای، جوان شێلراو، پیلۆی چاوەکانی شار قورس بوو، گلێنە دەرزی ئاژنی گل بوو، شەو خەوت و خەڵکی شار نەخەوتن، سپێدەی ڕۆژێکی نوێ چاوی کردەوە، بەڵام داخوا کێ بڕوای بەو چاوهەڵهێنانە نەبوو...

هەر کەسەو کەلەی هەرچۆن کورەهەنگی دەمەو بەیانییەکی بەهار، پڕ لە جەنجاڵی و هاژە هاژ بوو.. ناچار ڕوومکردە خوارووی شار و چوومە هۆڵی ڕۆشنبیری کە بارەگای سەرکردایەتی هێزەکان بوو، هیچ پێویستی بە پرسیار نەدەکرد، چونکە بە ئاشکرا گوێم لە گفتوگۆیەکانیان بوو:

- هێرشەکە لەوەدا نییە، خوا ڕەحمکات.

- فرۆکەی هەڵساندووە...

- وابزانم، موجاهدینی خەڵکیشیان لەگەڵە .. ئیتر نازانم ...

- هەرگیز پشت بەو سەگبابانە نەبەستین، ئەو زلهێزانە، جێگای موتمانە نین.

- دواجار، هەر چۆن بارزانی نەمر واتانی هەر چیاکان دۆستمانن.

- بەخوای کوڕینە، بەڕاستییەکەی بە قوونە شەڕ خۆمان قوتار کرد.

- ئادەی براکەم، ئەوە سویچی ئۆتۆمبێلەکەم، منداڵەکانم بۆ دەرباز بکە، هەندێ خۆراکیش لەگەڵ خۆت سەرخە.

- کاکی خۆم، قسە هەزارەو دووانی بە کارە، چەندوچوونی ناوێ، کوڕ ئەو کوڕەیە فریای هەڵهاتنی خۆی بکەوێ.

- .. هەی تڕحێو؟

خۆم گەیاندەوە ماڵەکەم لە (تووی مەلیك)، سەیرم کرد ڕێ بەر ڕێبوار ناکەوێ، هەر ماڵەو خزمان خەریکی خۆپێچانەوە و هەڵاتن بوون، بە راستی هەوڵمدا کەسانێ لەو هەڵهاتنە پاشگەز بکەمەوە، بەڵام کار لەکار ترازابوو؟. هەیهوو!

کە سەیری (ئەزمەڕ)م دەکرد، لە قەرەباڵغیی ڕێگاکە، هەر دەتگوت ڕووبارێکی ڕەنگ ڕەشی سەرەو ژووری سەرهەڵگرتووە.

(کاك بەهادین ڕەشە)ی زاوام لە لەشکر فەرماندە بوو، کەوتە مشوورخواردنی پاسێك، ئەوەبوو (کاك عەلی ئاغا)ی خاڵۆزام کە ئەویش لە لەشکر ئەفسەر بوو، خێرا پاسێکی گەورەی هێنا، پاسەکە مارکەی (TA . TA)ی هیندی بوو، کاك بەهادین پشتەکەی پڕکرد لە زەخیرە و خزمان کۆکرانەوە.

لەگەڵ (دایکی دیار)ی هاوسەرم چووین بەلای ماڵەوە بۆ هەڵگرتنی هەندێ پێویستی بەتایبەتی جلوبەرگ بۆ منداڵەکان، ئەو بارەش زۆر تەڕ و تووشی و سارد بوو، دەبوو خەمی ئەو بارەش بخۆین، گەیشتینە بەر دەرگاکەمان، وتم تۆ بڕۆ شتەکان بپێچەرەوەو دەرگاکان داخە، منیش ئەچم بەلای ئەو دراوسێیەمانەوە...

- بۆ چیتە؟

- ماڵەکەمی ئەخەمە ئەستۆ، ئاگای لێبێ.

- جا ئەگەر بدزرێ، هەر ئەو ئەیدزێ، کل لە چاو ئەڕفێنێ و کۆرپە بە بەرۆکی دایکەوە دەرفێنێ، سەیرە! چووم سڵاوم لە کابرا کرد و دووسێ هەنگاو بردمە



# ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

ئەولاوە ..

- بەقوربانە کەسم لە تۆ دەستپاکتر نەبینی، بۆیە هاتووم پێت بڵێم، قوربانە ئامانەتی تۆ ماڵەکەم! بە خوا دەزانم تۆ چۆن پیاوێکی تەنگانەی.

- ئای بەسەرچاو وەك گلارەی دییەکانم دەیانپارێزم، هیچ دڵت بە لایەوە نەبێ.

گەڕامەوە و دایکی دیار پێی وتم: ئەرێ ئەوە بەڕاستت بوو، ئەوە نەبوو لایەك لە خەستەخانەکەی دزیبوو، خۆت کە بینیت سێ قەرەوێڵەی بە شانیەوە بوو، هاوارت لێکرد، ئەی نەخۆشەکانت بۆ نەهێناوە، پێی وتی بۆچی نیازت نییە بمکەیتە لۆرییەکەی حسە دەبۆی خەستەخانە؟

گەلێك پەلەی بوو، بەڵکو خێرا فریای یەك دوو ژمە دزی تر بکەوێ.

کاتێ رووبەڕووی ئەو کابرایە چووم هەمووان گوێقولاغ بوون،

: کاکە لەناو هەمووواندا بڕوام بە تۆیە، ئەوا ماڵ جێدێڵم ئامانەتی تۆ و ماڵەکەم، ئەزانی تۆ پیاوی تەنگانە و لێقەومانی.

: ئەوە شەرەفە بۆم، هیچ دڵت لای ماڵەکەت نەبێ، خوا شایەتە، وەك گلارەی دیدەم دەیپارێزم، ئەمرئەکەی قوربان.

دراوسێیەك پەلی گرتم و بردمیە لاوە:

:ئەرێ مامۆستا، ئەوە تۆ چیت کرد، پیاوی لەمە باشترت نەدۆزییەوە؟

:ئەزانم تەنیا ئەو جێگای مەترسییە و کەسێکی تریش ماوە رایسپێرم.

: فلان نەڵێی؟

: ئافەرین، چاکت زانی.

ئەو فلانە ئەو بوو، (دکتۆر عایدە نوری) خزمان هاوسەری دکتۆر (عەبدولڕەحمان ریس)، ماڵیان نزیکی ئەمنە سوورەکە بوو، شەڕ و هەرای قورس کەوتبووە ئەو ناوە، ماڵەکەشیان ببووە خەستەخانەی فریاکەوتن، هەرچی زامدار بووایە ئەیانبردە ئەوێ، دیارە لە ترسی سەختی شەڕەکە هاتبووە ماڵی خوشکم و هات سەردانی ماڵی ئێمەشی کرد، دڵی زۆر تەنگ بوو، منیش کردبوومە سوعبەت و قسەی خۆش، لەو کاتەدا چاوم لە (فلانە)ـەوە بوو، دوو فەردە ئاردو دوو کارتۆنی لەسەر کۆڵی دانابوو، لەنگەی بۆ نەدەکرد، وتم دکتۆر فەرموو سەیری ئەو کابرایە بکە، هێندەی پیکابێکی دووتەنی لە خۆی ناوە.

: عەجایەب پاڵەوانێکە.

: بەسەری تۆ ئەوە دایمە ناڵە ناڵی بوو، دەیگوت ئازاری پشتم هەیە، بەخوا رۆژێ بەم دەردە دەمرم، منیش بەزەییم بە ئاشفتەحاڵییەکەدا دەهاتەوە و زۆرجار داودەرمانم بۆ پەیدا دەکرد.

: ئەی ئەوە چییە بەدەستییەوە؟

روانیم توالێتێکی غەربییە، هاوارم لێکرد: ئەرێ فلان، وریابە، ئەوەی پێتە کاشی ماستاو نییە ئەوە هی ئاپخانەیە، تێگەیشتی؟ ئیدی سەیر نەبوو، کاتێك زانیم شڕەخۆر تیپەکەی منیشیان تاڵان کرد، کە بەرهەمەکانم گەواهی هەڵوێستەکانمە و گرنگترین سەنگەر و پێشمەرگەی رۆژانێ بوو، تەنیا چیغە شرێکیان بەجێهێشتبوو، زۆری خەڵات و شتەکانیشیان شکاندبوو، دیارە جاش هەر ئەوەندە لە بەها پیرۆزەکان دەگات، تەواو لە کەللەی دام، هاتمە بەردەرگای تیپەکەم، ئەوەی بەدەمما هات وتم و نەمگەڕانەوە، چەند جارێکیش وتم: ئەمەش بەردەوامی ئەنفال و کیمیا بارانەکەی، ئاخیری خێربێ، کۆلێرا ناوی پێشمەرگەیان لە خۆیان نا ئەمانەە جاشن، بەڕاستی حاشا پێشمەرگە نەبوون، پێشمەرگە پیرۆزە، ئەوانە (جاش مەرگەنی)، کە هەنووکەش بە ئومێدی بە جاش بوونن، بەهەر حاڵ هەندێ ماڵ مانەوەو ئێمەش چووینە ناو پاسەکەمانەوە، ناوی خوامان لێهیناو ملی رێگای نادیارمان گرتەبەر، گەیشتینە پێچەکانی ئەزمڕ، هەر پێچێکی پتر لە دوو سەعاتی دەخایاند، کاتێ گەیشتینە نزیکی (چوارتا) تاریکی کرد، شوێنێکمان بینییەوەو خاوێنمان کردەوە و ئەو شەوەمان بە تاریکی بەسەر برد، بۆ بەیانی گوێم لە دیدەی کچم بوو شەش حەوت ساڵان دەبوو، دەنگی لێهەڵبڕیبوو گۆرانییە بە سۆزەکەی مامۆستا خالقی دەگۆتەوە: «دەگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەم...» بە پەلەپروسێ نان و چایمان خواردو خۆمان پێچایەوە و ژن و منداڵ و پیرەکان سەرکەوتن، ئێمەش کەوتینە پاڵنان تا پیرە پاس وەك (ئوتووەکەی حەمەزلە) گەرم بوو...

**چەند جارێکیش وتم: ئەمەش بەردەوامی ئەنفال و کیمیا بارانەکەی، ئاخیری خێربێ، کۆلێرا ناوی پێشمەرگەیان لە خۆیان نا ئەمانەە جاشن، بەڕاستی حاشا پێشمەرگە نەبوون، پێشمەرگە پیرۆزە، ئەوانە (جاش مەرگەنی)**

**ئەو ئێوارەیە، مقۆمقۆ پەیدابوو، لە کۆڵانە بێ چراکانەوە دەنگی «تۆپ تۆپ تەیارە... دەرمان ناکات لەم شارە» تێکەڵی نمەی رەشەباران ببوو، دیاربوو بەیانی چەرمەسەرییەکی ئەوتۆ چاوەڕوانمانە کە قوڕاوێکی جەرتاوئاسای، جوان شێلراو، پیلۆی چاوەکانی شار قورس بوو**

## سەوسەن ئەلسەید:

# بوونی ئافرەتی کورد لە مەیدانی هونەرو جوانیدا مایەی خۆشحاڵییە

**مارەی ئەو ئافرەتانە زۆر کەمن کە توانیویانە وەك سەوسەن ئەلسەید لە چەندین بواری جیاجیادا سەرکەوتن بەدەست بهێنن،ساڵی ١٩٨٤ نازناوی شاجوانی لوبنانی بەدەستهێناو لەو کاتەوە بۆتە کەسێکی ناسراو لە بواری جوانیی مۆدە و جوانی، هەرچەندە ئەو سەرەتا میدیاکار و وەرزشکار بووە، بەڵام ئەمە نەبووە رێگر لەبەردەمی بۆ بەردەوامبوون لە بواری جوانکاری، بۆیە دەزگایەکی دامەزراند بەناوی دەزگای سەوسەن ئەلسەید بۆ میدیا و میهرەجانەکانی جوانی، پێش ماوەیەکیش سەردانی کوردستانی کردبوو بۆ سازکردنی ئاهەنگێکی تایبەت بە مۆدە و جوانی بە بەشداری چەندین شاجوان، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**



*** هۆکاری سەردانەکەت بۆ کوردستان چی بوو؟**

- هۆکاری سەرەکیم سازکردنی ئاهەنگێکی تایبەت بوو بە جوانی و مۆدە لە شاری سلێمانی، پێشتریش لە هەولێر چالاکییەکی هاوشێوەمان هەبوو، هەروەها هەستاین بە رێزلێنان و خەڵاتکردنی چەند کەسایەتی و بیزنسمانێکی کوردستان لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی.

*** چی وای لێکردی لە کوردستان کار بکەی؟**

- بەر لە هاتنم بۆ کوردستان برایەکم لە هەولێر کاری دەکردو هەمیشە وەسفی کوردستان و بارودۆخەکەی بۆ دەکردم لە رووی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەوەی براکەم بۆ باس دەکردم جیاواز بوو لەوەی لە میدیاکان گوێم لێدەبوو، چونکە من گوێم لەوە دەبوو کە جەنگ و وێرانی و ئاژاوە هەیە، بەڵام کاتێك هاتم و لە نزیکەوە بارودۆخەکەم بینی بەجۆرێك بوو کە بە هیچ شێوەیەك پێشبینیم نەدەکرد، چونکە سەرەڕای بارودۆخی سەخت و قەیرانی ئابووری، بەڵام ژیان و خۆشەویستیی خەڵك بۆ ژیان بەردەوامە، خەڵکی ئێرە زۆر رێز لە هونەر و جوانی دەگرن و سەرەڕای هەموو شتێك گەشبینن بە داهاتوویان.

*** بۆچوونت دەربارەی ئافرەتی کورد چۆنە؟**

- بە گوێرەی ئەوەی بیستبووم و دوای هاتنم بۆ کوردستان لە نزیکەوە هەستم بەوە کرد کە ئافرەتی



کورد خەباتگێڕە لە هەموو مەیدانەکانی ژیان و شان بە شانی پیاوان ملی ناوەتە بەر سەختی و نەهامەتییەکانی ژیان، چونکە تاکی کورد بە سەختی زۆریان بینیوە، ئافرەتی کورد کەسێکە ژیانی خۆشدەوێ و ژیانی هاوسەرگیری بە پیرۆز سەیر دەکات، بۆیە دەبینین لە یەك کاتدا دایك، ئەندازیار، مامۆستا، پزیشکە ئەمەش مایەی ڕێز لێنانە، من سەرسامم بە کەسایەتی ئافرەتی کورد، ئێمەش لە لوبنان زۆر ئەزموونی سەخت و تاڵمان بینیوە کە زۆر نزیکە لەوەی ئێوەی پێیدا تێپەڕیون لە کوردستان لە شەڕ و وێرانی، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش بەردەوام بووین لە ژیان تا گەیشتینە ئەوەی ئێستا ئێمە تێیداین.

*** ئەی لە بواری جوانی و جلوبەرگ و مۆدەوە؟**

- گومانی تێدا نییە کە هەموو ئافرەتێك گرنگی بە جوانی و جلوبەرگی خۆی دەدات، بەڵام شێواز و کەشوهەوا و کەلتووریان جیاوازە، ئافرەتی کوردیش لەم شتە بە دوور نییە، بە دڵنیاییەوە هەنگاوی زۆری ناوە لەو بوارەوە ئەگەرچی ڕەنگە تا ئێستا نەگەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە خۆی دەیەوێ و هەنگاوەکانیشی بەردەوامن، بەڵام توانیوتی بوونی خۆی بسەلمێنێ لە هەموو مەیدانەکانی ژیانی بۆیە ئێستا دەیبینین لە بواری هونەر و جوانکاری ئەمەش مایەی گەشبینییە.

*** بە حوکمی ئەزموونت لە بواری مۆدە و جوانکاری چ جیاوازییەك لە نێوان ئافرەتی کورد و ئافرەتانی و وڵاتانی کەنداو دەبینی؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێ کە جیاوازی هەیە ئەمەش جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی کەنداو و کۆمەڵگەی کوردستان دەگەڕێتەوە لە ڕووی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و لە هەموویشی گرنگتر بواری ئابووری، چونکە ئافرەتی کەنداو بەشێکی زۆری بودجەی خۆی بۆ جوانی و جلوبەرگ تەرخان دەکات، بەڵام ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە لە پێش ئافرەتی کوردەوەیە، بەڵکو لایەنی ئابووری دارایی باشتر و سەقامگیرترە لە ئافرەتی کوردی، بەڵام سەرەڕای ئەمەش وەك پێشتر ئاماژەم پێدا ئافرەتی کورد لە هەموو بوارەکانی ژیان هەنگاوی زۆری ناوە.

*** میللەتی کوردت چۆن بینی؟**

- لە کوردستان زۆر شت سەرنجی ڕاکێشاوم، هەر کاتێك سەردانی بکەم هەست دەکەم لە وڵاتی خۆمم، هەموو شتێکی ئەم وڵاتە جوانە لە سروشت و ژینگە و کەش و هەو، لەمەش زیاتر گەلی کورد میوان دۆست و زۆر ڕێزی میوانەکانی دەگرێت، لە یەزدانی مەزن داواکارم کە ئەم وڵاتە زیاتر ئاوەدان بێت و ئاشتی و ئارامی و سەقامگیری هەتا هەتایە تێیدا بەرقرار بێت.

*** چ ئامۆژگایەکت بۆ شاجوانەکان هەیە؟**

- پێیان دەڵێم دوورکەونەوە لە لەخۆباییی بوون و هەوڵ بدەن بچنە نێو ناخی کۆمەڵگە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بەجۆرێك شوێن دەستتان دیار بێت، چونکە ناکرێ کچێك دوای ئەوەی تاجەکەی لەسەر نا ئیتر لەبەرچاوان ون بێت و دووبارە نەبینرێتەوە.

*** ئێستا پەیوەندیت لەگەڵ وەرزش چۆنە؟**

- من ئێستاو هەمیشە لە وەرزش دانەبڕاوم و گرنگی پێدەدەم، ڕۆژانە وەرزش ئەنجام دەدەم، هاوکاری بەردەوامی کوڕەکەمم کە یاریزانێکی بە توانای تۆپی سەبەتەیە و پاشەڕۆژێکی پرشنگدار چاوەڕێی دەکات لە بواری وەرزش.

*** دواین کار و چالاکییەکانت چین؟**

- دوای ئاهەنگی سلێمانی ئێستا خەریکی خۆئامادەکردنم بۆ ئاهەنگێکی گەورە لە شاری هەولێر، لە بواری ڕاگەیاندنیشدا من بەردەوامم لە پێشکەش کردنی بەرنامەی (میوانەکان سەوسەن) لە کەناڵی (المراة العربیة).



# هویام و خۆشەویستەکەی جیابوونەوە

لەو کاتەی کە جەماوەر وهەوادارانی خانمە ئەکتەری تورکی مریەم ئۆزرلیی ناسراو بە (سولتانە هویام)، چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد وادەی ئاهەنگی هاوسەرگیریی لەگەڵ بیزنسمانی ناسراوی تورکی ئالب ئوزجانیان دەکرد، لەو کاتەدا و لە بڕیارێکی لە ناکاودا جیابوونەوەی خۆیان راگەیاند.

بەهۆی ئەم بڕیارەوە (هویام) هەستا بە سڕینەوەی گشت وێنەهاوبەشەکانی خۆی و ئالبی لە ئەکاونتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەر شتێك کە پێکەوەیان ببەستێتەوە سڕییەوە، بەڵام تا ئێستا بە فەرمی ئەم هەواڵەی رانەگەیاندووەو بە هیچ شێوەیەك باسیشی نەکردووە.

دوایین دەرکەوتنی ئالب و مەریەم لە چێشتخانەیەك بوو بەر لە ماوەیەك کاتێك دەستی یەکدییان گرتبوو و پێدەچوو زۆر دڵخۆش بن لەو پەیوەندییە، بۆیە هەواڵی جیابوونەوەیان تا راددەیەك زۆر وەك شۆکێك بوو بۆ هەوادارانیان، چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە مەریەم رانەگەیاند کە مەریەم رازی نەبووە بەشێوەیەکی کاتی بچێتە ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئالب، چونکە دەیەوێ گشت کاتی خۆی بۆ پەروەردە کردنی (لارا)ی کچی تەرخان بکات، لەلایەکی دیکەوە خۆی ئامادە دەکات بۆ بەشداری کردن لە بەشی دووەمی زنجیرە درامای( چەتەکان حوکمڕانی جیهان ناکەن).



# پەنجەیەكی دەستی لۆهان بڕاوە

لە كاتی ئەنجامدانی گەشتێكی دەریایی لەگەڵ چەند هاوڕێیەكی ئەستێرەی سینەمایی هۆلیۆد لیندسی لۆهان تووشی ڕووداوێك هات و لە ئەنجامدا بەشێكی زۆری پەنجەیەكی دەستی بڕایەوە.

بەپێی هەواڵەكانی هۆلیۆد لایف لە گەشتەكەدا لۆهان ویستوویەتی پەتێك بە دەستی بگرێت، بەڵام بەهۆی بەهێزی پەتەكە لە دەستی دەرچوو و لە ئەنجامدا بەشێكی زۆری پەنجەی دەستی بڕایەوە، دواتر لۆهان لە تویتەر وێنەیەكی بڵاوكردەوە كە تێیدا بە ئاشكرا دیار بوو بڕاوەكەی دیار بوو، ئەم وێنەیەش لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان هاوسۆزی زۆری بۆ لۆهان پەیدا كرد.

ئەو پەنجە بڕاوەی لۆهان هەمان ئەو پەنجەیەیە كە ماوەیەك بەر لە ئێستا میدیاكان بەشێوەیەكی بەربڵاو باسیان دەكرد، چونكە ئەڵقەی دەستگیرانی لەگەڵ خۆشەویستی پێشوو ئیگۆر تاراب و ئەنگوستیلەیەكی ئەڵماسی تێدابوو وا بڵاوكرایەوە گوایە دینیس بابجیرۆجیۆ بە دیاری پێشكەشی كردبوو.

لەلایەكی دیكەوە لیندسی لۆهان سەردانی نەخۆشخانەیەكی تایبەت بە منداڵە ئاوارە سوورییەكان وماڵی خانەوادەیەكی ئاوارەی كرد لە شاری ئیستەنبول، لەم بارەوە ئاژانسی هەواڵی ئەنازوڵ ڕایگەیاند كە دیمەنی نەخۆشخانەكە كاریگەرییە زۆری لەسەر هەبووە، بۆیە بڕیاری داوە لە سەردانی داهاتوویدا بۆ توركیا ڕۆژێك لە نەخۆشخانەكە بەخۆڕایی كار دەكات.



# كۆمار پشتیوانی لە پاكستانییەكان دەكات

**ئەستێرەی ناسراوی بۆلیۆد ئەكشای كۆمار ڕایگەیاند كە ئەو تووشی سەرسوڕمان بووە كاتێك گوێی لە گفتوگۆی چەند كەسێك بوو دەربارەی دەركردنی ئەكتەرەكانی پاكستان و قەدەغە كردنی كاركردنیان لە بۆلیۆد، ئەمەش وەك تۆڵە سەندنەوەیەك بۆ كوشتنی چەند سەربازێكی هیندی لە هێرشێكی تیرۆریستیدا.**

**ئەكشای كۆماری تەمەن ٤٩ ساڵ و پاڵەوانی فیلمی (روستم) پێشتر باوكی ئەفسەرێكی ناسراوی سوپای هیندی بوو، ڤیدیۆیەكی بڵاوكردەوە و تێیدا ڕەخنەیەكی زۆری لەو پرسیارگەلە زۆرانە گرت كە دەربارەی لێدانەكانی سوپای هیندی باس دەكرێن و لەم بارەوە وتی: مامەڵەی خراپ لەگەڵ هەر كەسێك مایەی قبوڵ كردن نییە، من وەكو مرۆڤێك قسەتان لەگەڵ دەكەم كە كوڕی پیاوێكم لە سوپا بووە، سەبارەت بە داواكاری چەند كەسێك بە دەركردنی ئەكتەرە پاكستانییەكان، ئەمە داواكارییەكە بە هەموو شێوەیەك ڕەتكراوەتەوە و نابێ تەنانەت بیریش لە كارێكی لەم جۆرەش بكەنەوە.**